# تاسەی لایەلایە، تێکەڵ بە بۆنی ئاوپرژێن

نەسرین شاکەلی



خۆم لە قەرەت نادەم!
با سێبەرت تێکەڵی سێبەرم نەبێ،
بارەنگەکانم کاڵ نەبنەوە...
خۆم لە قەرەت نادەم چونکە لە زمانی
دەڤەری تۆ ناگەم،
هەنگاوەکانم کۆڵانەکانی ئەوێ ناس
ناکات...

لای تۆ شەقامەکان پڕن لە ڕۆژنامەی جنراو
و
لە توێکلەپیاز!
لای تۆ  چەنێ بێڕەنگە!
دارەکان چەندە ووشکن
بۆنەکان چەندە سەیرن!

لای تۆ گوڵ بۆنی گۆشتی لێدێت و
گۆشت بۆنی گۆرەوی!
سێو بۆنی ماسی لێدێت و
مرۆڤەکان بۆنی دووکەڵ!

لای تۆ بنمیچی ماڵەکان چەند نزمن،
هیچ دەرگایەک لە ئارادا نییە و
پەنجەرەکان بە خشت هەڵچنراون...
لای تۆ،  هەموو شوێنێ دیوارە!

لای تۆ ژن خشتەقوورینەیەکی بێ گیانە،
ئەو لاچێ دیوار هەرەس دێنێ
ماڵ دەڕمێ!
ئەو بمێنێتەوە ڕۆحی دەمرێ و

جەستەی دەبێتە کۆڵەکە!
لای تۆ ، ئەو زۆرجار دەمێنێتەوە تا لافاو دێت کەسەکڵەکانی دەبات و
چێوو پووشی دەکاتە ئاوماڵکە!

لای تۆ ژنەکان لە مێژە ناگرین، پێناکەنن و گەزییان شانە ناکەن،
مەمک لە زاری زارۆڵەکانیان نانێن
کاتێ لە لانکەیان دەنێن، نە لایەلایەیان بۆ دەکەن و
نەش ڕایاندەژەنێنن!

لای تۆ ، کوڕ هەر کە لە دایک بوو پاسەوانی کچە
کە گەورەش بوو دەست لە سەر شان
ئامادەیە بۆ پرچکێشان...

لای تۆ کەنیشکێک نییە،
ژنێک نییە،
مۆرکی جێدەستی لاقەی برای
و
مێردی پێوە نەبێ،
دەم و چاوی تفباران نەکرابێ،
لە درک
زوورتری پێ نەگوترابێ!

لای تۆ سنگی کچان پڕە لە ئاواتی لە دایک نەبوو،
خەیاڵیان لیپاو لیپە لە خەونی دزراو...
سەریان دادەنەوێنرێ و هزریان پەرچ دەکرێ!

لای تۆ دەست تەنها بۆ چەمۆڵە لێدان بە کار دێت و
زار بۆ تف !

لای تۆ خۆر درەنگ هەڵدێ، شەو دوایی نایە،
خەو بینین قەدەغەیە،
کەس نانوێ و هەموو خەواڵوون،
بە دەم باوێشکەوە کار دەکەن،
نان دەخۆن،

پیاوەکان،
بەدەم باوێشکەوە ئارەزووەکانی خۆیان تێر دەکەن و
ژنەکان،
بەدەم باوێشکەوە خۆیان بە دەستەوە دەدەن...
بە هەردووکیانەوە
بەدەمباوێشکەوە، زارۆک ساز دەکەن!

لای تۆ گریان بێ فرمێسکە،
پێکەنین بە دەگمەن گەر هەبێ، دەنگی نییە...
لای تۆ، هەموو برسین کەس تێر نییە

لای تۆ بۆنی ئاوپرژێن نایەت، خاک قەت شێدار نابێ
باران ناباریێ!
لای تۆ، شەوانە، ئاسمان ڕەشپۆشە،
ئەستێرەکان مانیان گرتووە و مانگ تۆراوە
خۆر هەڵنایێ،
شنەی با لاملی هیچ گەڵایەک ختولکە نادا...

لای تۆ کەس گۆرانی ناچڕێ،
کەمانچە ژێی نییە و شمشاڵ بێ کونە
کەس سڵاو لە کەس ناکات!
کەس ناچێتە ماڵی کەس

لای تۆ چەنێ ساردە!!
کە بیر لە لای تۆ دەکەمەوە لەرز دەمگرێ!

هەر بۆیە خۆم لە قەرەت نادەم
نەبا ڕۆحم بمرێ،
دەنگم بنووسێ،
دەستەکانم لە باوەشگرتنیان لە بیربچێتەوە،
نەبا زارم بتۆرێ
لەگۆرانی،
لە پێکەنین و

**لە ماچ!**

**لەوەتی تۆ گازم دەکەی، کەوتوومەتە داو کاکۆڵی مانگەوە ئاشقی بووم!**
**لە جاران زیاتر شنەی (با)م خۆشدەوێ!**
**گیتارەکەم فرەتر دەژەنم نەوەک ڕۆژێ ژێی بپسێ و ...**

**پێش ئەوەی سێو بخۆم پڕ بە هەناوم بۆنی دەکەم**
**هەموو بەیانییەک گەڵای دارەکەم ئاوپرژێن دەکەم،**
**نمەی ئاو بۆنی خاکم بۆ دێنێ**

**لەوەتی تۆ بانگم دەکەی**
**دەسکی پەنجەرەکەمم لێ بووەتە موفەڕک،**
**جامەکانیم لێ بووەتە گشت ئاسمان!**

**لەوەتی تۆ بانگم دەکەی،**
**هەموو شەوێ پێش ڕازان مانگ دەدوێنم،**
**لەبەر تریفەیدا**
**کەزی لوولم شانە دەکەم،**
**سەیرێکی بنمیچی ژوورەکەم دەکەم،**
**دەیبینم چەنێ بەرزە**
**ئەوجا بە ئاسوودەیی دەنووم،**
**تێر خەون دەبینم!**